

# دایکی
# هەڵەبجە

هەرگیز بۆمان نیە هەڵەبجە لەبیربکەین!

## پێشکەشە بە لاوانی کوردستان

عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین

ئاداری 2002



# دایکی هەلەبجە

هەرگیز بۆمان نیە هەلەبجە لە بیربکەینَ

پێشکەشە بە لاوانی کوردستان

عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین
ئاداری 2002

ناوی کتێب: دایکی هەڵەبجە
نووسيني : عەبدولموئمین دەشتی
وێنەی بەرگ: هونەرمەند دارا موحەممەد عەلی لە رۆژژمێری کوردستان 1994/
د. فازیل قەفتان وەگیراوە.
وێنەکانی ناوەوە: هونەرمەند شیلان عەلی

(ئەم نامیلکە تا ئێستا چاپ نەکراوە، ئەوە نەبێت بە زمانی کوردی و ئەلمانی لە ساڵی 1992 لەلایەن مەلبەندی ئاوەدانی کوردستان بەرلین، بە کۆپی ژمارەیەکی کەمی لێ بڵاوکرایەوە. لە سالی 2003/ درا بە وەزارەتی رۆشنبیری (سلێمانی) بە داخەوە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە. (2007- بەرلین)

ئەنفال! ئەو وشە چەند تیپییە سەرچاوەی کینەیەکی زۆر و، خەمێکی قووڵە بۆ مرۆڤی کورد.

ئەنفاڵ چیە؟ لە کاتی خۆیدا ئەو وشە ببوو بە وشەیەکی سامناک و، وەک جانەوەرێکی دڕندە ترسی دەخستە دڵی خەڵک. کە ناوی ئەنفال دەهات، گرمە گرمی بۆردمانی تۆپ و فڕۆکە لە گوێ دەزرنگایەوە، وێنەی بلدۆزەر و زیلی سەربازی، پەناگاو ئەشکەوت، هەڵاتن و خۆوەشاردن دەهاتنەوە بەرچاو. بلدۆزەرەکان خانوو مزگەوت و دێر و کلێساکانیان دەڕووخاند، سەربازەکان ئاگریان لە دارودرەخت و کەلوپەلی ماڵەکان بەردەداو، بناغەی خانووەکانیان بە دینامێت هەڵدەتەکاند، دانیشتوانەکانیشیان بە زۆر کۆدەکردەوەو دەیانئاخنینە ناو زیلە سەربازییەکان و ڕایاندەگوازتن، ئەوەشی بەرگری لە خۆی کردبایە، یەکسەر لە بەرچاوی ئەوانەی تر گوللەباران دەکراو خوێنی دەڕژێنرا. ئەوانەش کە ڕادەگوێزران نەدەزانرا بۆ کوێ دەبردرێن، سەرنگووم دەکران و کەس چاوی پێیان نەدەکەوتەوە. جا چونکە ئەو شاڵاوی تاوانکاریانە لە ژێر سەرناوی وشەی ئەنفاڵدا پیادە دەکرا، ئەگەر چی ئەو وشەیە ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزەو واتای (تاڵان یان دەستکەوتی شەڕ) دەدات، بەڵام لەو کاتەوە ئەو وشە بووە بە هێمای تاوانکاری دژی مرۆڤ. ئیتر تا ژیان ماوە وشەی ئەنفاڵ چوار هەزار و پێنج سەد گوندی وێرانکراو، 182 هەزار مرۆڤی سەرنگومکراوی کورد، لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر و گەنج ، تەندروست و نەخۆش دینێتەوە یادی مرۆڤایەتی.

تازە بەعسییە ڕەگەزپەرستەکان دەستیان بە تاوانکاری ئەنفال کردبوو، بەڵام لە مێژ  بوو، زۆر پێش ئەنفال، بە بۆمبی  کیمیاوی دەستیان  بە جێبەجێکردنی نەخشەی قڕکردنی خەڵکی کوردستان کردبوو؛ دانیشتوانی زۆر ئاواییان بەو چەکە لە ناو بردبوو، وەکو ناوچەکانی هەڵەدن، چنارە، بەرگەلو، ئاڵان، گۆمە شین، هیران،  شێخ وەسانان و زۆران شوێنی تر. دواتریش تەواوی گوندەکانی کوردستانی باشووریان خستە بەر پەلاماری ئەنفال.
ئەنفالی یەک ، ئەنفالی دوو، ئەنفالی سێ، ئەنفالی چوار، ئەنفالی پێنج، ئەنفالی شەش، ئەنفالی حەوت ...



.

تا ئەو رۆژە شارە دێرینەکەی هەڵەبجە، ئەنفال و کیمیابارانی بەخۆوە نەدی بوو. بەڵام هەموو ئاواییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە ئەو ڕووداوانەیان  تێدا قەوما بوو: ئەنفال، بۆردمانی کیمیاوی، سوتان، وێرانکاری ...

هەوالی فەرمانی ئەو قەتلوعامە هەمووی دەگەیشتە هەڵەبجە، پەیتا پەیتا هەوالی شەڕی نێوان یەکەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە لە لاییێک و، شەری نێوان سوپاکانی عێراق و ئێران لە لاییێکی تر بڵاودەکرایەوە...

ئەوە بوو لە سەرەتای بەهاری 1988 شەڕ لە شاری هەڵەبجەش نزیک کەوتەوە، لە شەڕێکی کورت خایەندا یەکەکانی سوپای بەعسە فاشیستەکان شکان و شاری هەڵەبجە کەوتە ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەو ئازاد کرا .

خەڵکی شار لە لاییێک زۆر خۆشحاڵ بوون، چونکە دەمێک بوو بەو ئاواتەوە دەژیان، کە لە چنگی بەعسە فاشیستەکان رزگاریان ببێت، لەلاییێکی ترەوە تارمایی گەڕانەوەی سەربازی عێراقی ترسی دەخستنە دڵ. پیرەژن و پیرەمێردەکان لە ناخی دڵەوە دەیانگوت: ئیشالله جارێکی تر نایانبینینەوەو،  حوکم هەر حوکمی پێشمەرگە خۆشەویستەکانی خۆمان دەبێت...




رادیۆی پێشمەرگەکان، کە خەڵک بە مەراقەوە گوێیان لێ ڕادەگرت، پەیتا پەیتا هەواڵەکانی جەنگ و بۆردمانە کیمیاویەکانی ڕادەگەیاند... لە بارەی کاریگەری ئەو چەکەو و خۆپاراستن لە گازی ژەهراوی، زانیاری بڵاودەکردەوە؛ یەکێک لەو ڕێ وشوێنە ساکار و ئاسانانەی بۆ خۆپاراستن زۆر باسی لێ دەکرا،

ئەوە بوو: کە لە کاتی بۆردمانی کیمیاوی پێویستە هەموو کەسێک دەمولووتی خۆی بە پەڕۆییێکی تەڕ دەمامک بکات، یان خۆ بخاتە ناو چەم و رووبارەکان...ئەوسا لەوانەیە لە مەرگ رزگار ببن.
بەڵام دانیشتووانی هەڵەبجە باوەڕیان نەدەکرد بکەونە بەر شالاوی چەکی کیمیاوی، هیچ ئەقلێکیش ئەوەی قبوول نەدەکرد، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا شارێکی پڕ دانیشتوانی وەک هەڵەبجە بکەوێتە بەر چەکی کیمیاوی ...

ئەو نیوەڕۆیە ئاسمان ساماڵێکی گەش بوو، جێ جێ هەوری سپی بە ڕووی ئاسمانەوە دەدیترا، ئەگەر لە ناو شارەوە تەماشای لوتکەکانی شاخی هەورامان و بالانبۆ و شنروێت کردبا، هۆنراوە ناسکەکانی کەڵە شاعیرانی ئەو شارەت دەهاتنەوە بیر، وەک ئەو دێڕەی هۆنراوەیەکی گۆران:
"کۆمەلە شاخێک سەخت و گەردەن کەش ئاسمانی شینی گردۆتە باوەش."
خۆ ئەگەر لە دامێن و لوتکەکانی ئەو شاخانەوە تەماشای شاری هەڵەبجەت بکردبایە، گەڕەک و خانووەکانی هەڵەبجە وەک شانەی هەنگ و پارچە حەلوا، زەرد خۆیان دەنوواند .

دەشتی شارەزوور لە دوورەوە وەک تراویلکە دەردەکەوت، ئاوەکەی دەریاچەی دەربەندیخانیش دەتریسکایەوە. جۆگە ئاوەکەی کانی شێخ وەک هەمیشە بە ئارامی لە بەری رۆژئاوای شارەوە بەرەو دەریاچەی دەربەندیخان دەخشی، کانیاوەکانی تریش: کانی ئاشقان و کانی قولکەو کانی نەواڵە بەردەوام و بێ

خورە ئاوی شیرینیان بۆ شارەکە لێ هەڵدەقوڵاو، جۆگاوەکانیان باخ و چیمەنەکانی ناو شاریان تێراو دەکرد.

نیوەڕۆ بوو ئەو کرێکار و خاوەن فرۆشگایانەی لە ماڵەکانیان نزیک بوون، بۆ پشووی نیوەڕۆ گەڕابوونەوە ماڵەوە، بۆ ئەوەی ژەمی نیوەڕۆ لەگەڵ خێزانەکانیان بخۆن. بۆیە جادەو کۆڵانەکان کەمێک خامۆش بوون. مەل و چۆلەکەکانیش لە لێواری هێلانەو سەر گێسوانەی خانووەکان جریوە جریویان بوو. بۆن و بەرامەی چێشت لە کۆڵانە باریکەلەکان دەگەیشتە لووتی ڕێبواران.

(لانە) تازە لە قوتابخانە گەڕابووەوە، لەگەڵ دایک و باوک و (بەهار)ی خوشکی ژەمی نیوەڕۆیان دەخوارد، (لاوین)ی براشیان کە ساوا بوو تازە دادەنیشت، لە تەنیشت خۆیان، لە نێوان دوو سەرین دایاننابوو، خەریکی مژینی مەمکەکەی بوو. ماڵی لانە کەوتبووە ناوەڕاستی گەڕەکی پیر موحەممەد.
خوانی ئەو ڕۆژە بە پلاوبرنج و شلەی پەتاتەو نان و پیاز و ماستاو ڕازابووەوە، برنجەکە برنجی گردەی دەشتی شارەزوور بوو، ئەو دەشتە بە پیتەی کە دەکەوێتە باکووری شاری هەڵەبجە، ماستاوەکەش لە ماستی مەڕ دروست کرابوو، ئەو ماستەیان لە گوندی سازانەوە بە دیاری بۆ هاتبوو، سازان گوندێکی بچووکە لە باشووری هەڵەبجە.

لانەی تەمەن حەوت ساڵە، کە جانتاکەی مەکتەبیشی لە تەنیشت خۆی دانابوو، چونکە وا ڕاهاتبوو هەمیشە دوای خواردن

یەکسەر ئەرکەکانی ماڵەوەی جێبەجێ دەکرد، کەوچکێکی لە پڵاوبرنجەکە خوارد و قومێک ماستاوی بەدوادا کردو ووتی: "ماستاوێکی چەند خۆشە" باوکیشی ووتی: "ئەدی کچم ئەوە هی ماستی سازانە، ماستی سازان وەک ماستی هەولێر بە چێژە"


لەو قسانەدا بوون، گرەی چەند فڕۆکەیەک بە ئاسمانەوە هات، ئەوان لە گرەی فڕۆکە ڕاهاتبوون، رۆژانە فڕۆکە جەنگییەکان بەو ئاسمانەدا ڕەت دەبوون و دێهات و ناوچەکانی دەوروبەریان بۆردومان دەکرد. ئەوەندەی نەبرد چەند گرمەیەکی کپ و تەپ هاتە گوێ، ئەو گرمانەش بە هی بۆمبا دوورەکان تێگەیشتن، ئەوان گوییان لەم گرمە دوورانە ڕاهاتبوو، لایان ببوو بە شتێکی ئاسایی.

کەمێک دوای گرمەکان ، دیتییان فرمێسک بە چاوی لاوینی بچکۆلانە دێتە خوارەوە دایکی لانە خەریک بوو چاوی لاوینی بە پەرۆکێک وشک دەکردەوە، هەستیان کرد بۆنێکی تیژی تێکەڵ لە بۆنی سێو و سیر لووتی پڕکردن. پاشان دووبارە دەنگی فڕۆکەو تەقینەوە دەنگ تەپەکان هاتەوە.

ئەمە نیوەڕۆی شازدەی ئاداری ساڵی 1988 بوو، لەو سەردەمەی سەددام حوسێن، دکتاتۆری زۆردار و خوێنخۆر، دەسەڵاتی هەموو عێراقی بە دەستەوە بوو، ئەوە یەکەمین جار بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، شارێکی گەورەی پڕ دانیشتوانی حەفتا هەشتا هەزار کەسی وەک هەڵەبجە بە بۆمبی کیمیاوی دەولەتەکەی خۆی بۆردمان بکرێت. ئەو فڕۆکانەی کە شارەکەیان


بۆردمان کرد هەشت فرۆکەی میراجی بەعسییە فاشیستەکان بوون.

کاتێک لانە واگا هاتەوە، چاوی خۆی بۆ نەدەکرایەوە، بە زۆر چاوەکانی بۆ کرایەوە، بە ئاستەم دەوروبەری خۆی دەدیت، نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە، گوێی لە نووزە نووز و ناڵەو گریان بوو



.

بۆنی سێو و سیرەکەش هەر دەهات.




لانە بە ئاستەم سەری خۆی سوڕاند، لە کەلێنی پەڕۆ تەڕەکەی سەر دەموچاوی، چاوی کەوت بە جەستەی باوکی، باوکی قاچێکی لەسەر پلیکانەی پێش دەرگای حەوشەیان بوو، قاچێکی لە خوارەوەو لەسەر تەنیشت سەر بەرەوخوار ڕاکشابوو، لاوینی ساوای توند بەباوەشی خۆیەوە نووساندبوو، لاوینی بچکۆلانە کە کۆچکێکی پەمەیی بەسەرەوە بوو، سەری بۆ ئاسمان بەرەو پشت چەمابووەوە، دەمە چکۆلەکانی کرابوونەوەو لە باوەشی باوکی

وشک ببووەوە. جەستەی بەهارەی خوشکیشی لە تەنیشت باوکی کەوتە بەرچاو، ئەویش بەسەر پشتدا کەوتبوو، دەموچاوی سپی هەڵگەڕابوو. دەمی کرابووەوە دەتگوت هاوار دەکات .

لە پڕێک لانە گوێی لە هاواری دایکی بوو، بە زۆر ئاوڕی دایەوە، دایکی خۆی بەسەردا چەماندبووەوە، ئەویش بە پەرۆییێکی سپی دەموچاوی خۆی دەمامک کردبوو، بە ئاستەم ورتەی دەهات: "هەستەوە کچم! کورد قڕانە قیامەتە قیامەت! هەستەوە با ڕزگارت بکەم، هەر تۆ زیندوو ماوی"!


لانە بە چاوە کزەکانی دیمەنی دایکی زۆر شپرزە هاتە بەرچاو، پەشۆکاو و قژ ئالۆز، ئەو هەرگیز لە ژیانیدا دایکی خۆی ئاوا نەدیتبوو. لانە ویستی بپرسێت: "ئەدی باوکم، ئەدی لاوین و بەهارە...؟" بەڵام نەیتوانی دەمی بجولێنێت و ئەو پرسیارە بکات. خۆی خستە باوەشی دایکی...

لە درزی پەڕۆ تەڕەکەوە تەماشای جەستەی باوک و براو خوشکەکەی کرد، ئاوێکی زەرد لە گۆشەی دەمی برابچووکەکەی چۆڕاوگەی بەستبوو، لە هی باوک و خوشکەکەشی...ویستی بپرسێ "چیان خواردووە؟" نەیتوانی دەم بکاتەوە...

لەسەر پلیکانەکە لە تەنیشت قاچی باوکی جەستەی پشیلەیەکیش بەسەر تەنیشت کەوتبوو، پشیلەکە دەتگوت خەوتووە.

دایکی لانەی خستبووە سەر پشت و بە نەرمە ڕاکردنێک بە ئاراستەی جۆگەی کانی شێخ رای دەکردو، هاواری دەکرد:

"خوایە هاوارە، کانی شێخ هاوارە، پیری شالیار هاوارە" هەر ڕایدەکرد و نە دەوەستا. لانە دایکی خۆی زۆر بە هێز هاتە بەرچاو. ناوە ناوە دایکی دەیگوت و دەیگوتەوە: کورد قڕانە، قیامەتە قیامەت! کانی شێخ هاوارە




"

لێرەو لەوێ تا چاو بڕی دەکرد، جەستەی مرۆڤ کەوتبووە سەر ڕێگاو ناو کوچەکان، ئەو ڕۆژە دەتگوت جەستەی مرۆڤ لە

ئاسمانەوە باریوە. هەندێکیان دەموچاویان ڕەش داگەڕابوو، هەندێکیان پفکەی ئاوساو و نیوە تەقیو دەموچاوی داپۆشیبوون، زۆربەیان ئاوێکی زەردە لە چاو و دەمیان قەتیس مابوو. هەندێکیان کە هێشتان نەمردبوون، بە ئاستەم دەجوولانەوەو خەریکی گیاندان بوون .

لە درزی دەمامکەکەی سەرنجی لانە کەوتە سەر جەستەی کۆترێکی سپی، کە ملی لار ببوەوەو قاچەکانی لێک کرابوونەوەو، کەوتبووە سەر جەستەی ژنێک. کەمێک دوور لە پشتەوەی ئەوان ژنێک مەمکی خستبووە دەمی ساواییێک و دەستێکی ساواکە لەسەر مەمکی دایکی قرمسا بوو، دەتگوت خەوتوون...
جار جارە دایکی لانە ساتمەی لە جەستەکانی سەر ڕێگا دەکرد. هەر ڕای دەکردو دەیگوتەوە: "کورد قڕانە! قیامەتە قیامەت "!
لە هەموو لایێک دەنگی ناڵەو گریان و غەڵبە غەڵب دەهات. پەرۆ تەڕەکە، کە کزر ببوو، وەک دەمامکێکی باش دەموچاوی لانەی داپۆشیبوو، دایکیشی بە هەمان پەڕۆ دەموچاوی خۆی داپۆشی بوو .

نیوەڕۆ کاتی خواردن، ئەو کاتەی بۆنی سیر و سێوەکە هات و، تێگەیشتن ئەوە بۆنی گازی کیمیاوییە، دایکی هەر ئەوەندە پێڕاگەیشت کە بەرامپیلەکەی خۆی بکات بە دوو پارچەو بیانخاتە بەر شێرەی ئاو و یەکێکیان لە دەموچاوی خۆی و یەکێکیان لە دەموچاوی لانە بپێچێت، نە پەرژایە سەر ئەوانەی تر، پەشۆکاو نەیزانی چی ڕوویدا، کەس ئاگای لە کەس نەما.  دنیای لەبەر چاو تاریک بوو. کار لە کار ترازا.

دایکی لانە هەر ڕای دەکرد و هاواری دەکرد: "قیامەتە قیامەت! کورد قڕانە"
جارێکی تر لانە لە درزی دەمامکەکەی تەماشای کرد، جەستەی (پەری) هاوپۆل و دەستەخوشکی خۆی کەوتە بەرچاو، جانتا شینەکەی قوتابخانەی بە ملەوە بوو، لە ناوەندی کوچە، لە نزیک ماڵی خۆیان، بە دەمدا کەوتبووە ناو چڵپاوەکە، سەری کەوتبووە ژێر ئاو، ویستی هاوار بکات: "ئا ئەمە پەری یە!" نەیتوانی.

دایکی ساتمەیەکی گەورەی لە جەستەیەک کرد، هەردووکیان کەوتن، کەوتنە سەر کۆمەڵێک جەستەی مردووان، دەموچاوی هەندێکیان زۆر سامناک بوو، دەمیان بەش ببووەو چاویان زەق ، بە شێوەیەک بەس سپیلیکی چاویان دیار بوو. شلەیەکی زەرد و ڕەش دەموچاوی داپۆشیبوون.
دایکی هەستایەوەو دووبارە باوەشی لە لانە گیرکرد. کەوتەوە ڕاکردن. لە ناکاو دایکی هاواری کرد: "ئەوەتە، ئەوە گەیشتینە جۆگا ئاوەکە" دایکی ئەمەی ووت و لانەی بەرەللای ناو ئاوەکە کردو، خۆشی بە پشتدا کەوتە ناو ئاوەکە .

لێرەو لەوێ بە درێژایی ئاوەکە، تا چاو دەیدیت، جەستەی مرۆڤ ڕژابووە ناو ئاوەکە، دەنگی ناڵە ناڵ و نووزە دەهاتە گوێ. هەندێک چەند هەنگاوێک بەر لەوەی بگەنە ئاوەکە هێزیان لەبەر بڕابوو، لە قەراغی ئاوەکە کەوتبوون و گیانیان دەرچوو بوو، هەندێک بەدەما کەوتبوون بەرەو ئاوەکە دەخشین، هەندێک لە شوێنی خۆیان بە ئاستەم دەجووڵانەوەو خەریکی گیاندان بوون.

هەندێک دەموچاویان ڕەش داگەڕابوو، پشتی چاویان ئاوسا بوو، پێستەی دەست و قاچ و دەموچاویان پفکەی گەورە گەورەی کردبوو .




هەندێک لە پفکەکان تەقی بوون و زراویان پێدا دەهاتە خوارەوە.

لانە هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، دیسان دنیای لەبەرچاو تاریک بوو، لە هۆش خۆی چوو.

لانە چاوەکانی خۆی کردەوە، خۆی لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەک دیت، پەرستارێک هەتوانی برینەکانی دەکرد، پەڕۆتەڕەکەی بە دەموچاوەوە نەمابوو. سۆندەییێک خرابووە دەستی چەپی، خۆراکاویان دەدایە جەستەی، لانە ویستی بپرسێت: "کوا دایکم..." نەیتوانی زاری خۆی بجوولێنێ، دیسان لە هۆش خۆی چووەوە.
دوای دوو هەفتە جارێکی تر لانە چاوی خۆی هەڵێنا، ئەمجارە کەمێک هەستی بە ئازار دەکرد، ئازاری سوتاندنەوە، سۆندەکەی هەر بە دەستەوە بوو، تەماشای بنمیچی ژوورەکەی کرد، پەرستارێک بە سۆزەوە بە پەنجەکانی خۆی قژی بۆ دادەهێنا، لانە خۆشەویستییێکی دایکانەی لە چاوی پەرستارەکە خوێندەوە، دایکی هاتەوە یاد، بە نووزەیەکی خنکاو پرسی:"کوا دایکم؟"، پەرستارەکە بێ دەنگ بوو، نەیتوانی وەڵامی بداتەوە، لانە تەماشای قەرەوێڵەکەی تەنیشت خۆی کرد، ساواییێکی تیادا خەوتبوو، سۆندەیەک خرابووە دەستە بچکۆلەکەی، لاوینی برا بچکۆلەی هاتەوە یاد، چۆن بۆ دواجار لە کاتی نیوەڕۆکە، لە نێوان ئەم و دایکی مەمەکەی دەمژت و جار جارە مەمەکەی فڕێ دەداو گڕوگالی دەکرد، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ما، لە چاوی پەرستارەکەش، پەرستارەکە بە دەنگێکی دایکانە پێی ووت: "بنوو، بنوو کچم بخەوە"!

ئەو هۆڵەی لانەی تیا بوو، هۆڵی خەستەخانەیەک بوو لە کوردستانی ئەو دیو، جگە لە لانە زۆر بریندارى تر لە هۆڵەکەدا بوون، زۆر خەستەخانەی تریش لە ئێران بریندارى هەڵەبجەیان بۆچوو بوو. بە یارمەتی پێشمەرگەو ئێرانییەکان گەیێنرابوونە ئەو دیو. لەوێ تا ڕادەیەک چارەی زامەکانیان بۆ کردن، بەڵام تەنها زامە بەرچاوەکانی جەستە، زامەکانی دەروونیان بە هیچ پزیشک و دەرمانێک سارێژ نەکرا، بۆیە گەلێکیان دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرچوون، پاش ماوەیەک مردن. ئەوانەشی کە مانەوەو وەکو لانە لە مەرگ رزگاریان بوو، جارێکی تر چاویان بە دایک و باوک و براو خوشک و کەس و کار و دراوسێکانی خۆیان نەکەوتەوە. بۆیە لانە و زۆربەی رزگاربووانی هەلەبجە، ئیتر جگە لە مرۆڤە خێرۆمەندەکان کەسی تریان بۆ نەمابووەوە .



تا ئێستاش کاریگەری ئەو چەکە بەسەر خەڵکی هەڵەبجەو نەوەکانیاندا ماوە، ئەو کۆرپانەی لە دایک دەبن، بە زگماک نەخۆشن، یان کەمئەندامن، یان ئاسایی نین. زاناکان باوەڕیان وایە، کە کاریگەری گازە ژەهراویەکان، نەوە دوای نەوە لە جەستەی مرۆڤ دەمێنێتەوە. بەم جۆرە
هەتا هەتایە ئەو تاوانە گەورەیە کە بەرامبەر دانیشتوانی بێ گوناهی هەلەبجە کرا، لە پاڵ تاوانە گەورەکانی تری سەدەی بیستەم، وەک نەفرەتێکی ئەبەدی بۆ بەعسە فاشیستەکان و وەک پەڵەیەکی شەرمەزاری بە تەوێڵی مرۆڤایەتییەوە دەمێنێتەوە.

****



**لە بەرهەمەکانی نووسەر:**

- کرۆنۆلۆژیای ئەربێلا 1995 – کۆنترین دەستنووس لە بارەی بڵاوبوونەوەی ئاینی عیسایی لە کوردستان. بەرلین لە ئەلمانییەوە وەرگێڕدراوە.
- چیلکە سوورە. لە ئەفسانەکانی کوردەواری. بەرلین 1996
- کیکۆر: چارەنووسی دوو منداڵ. دوو چیرۆکی سەمەدی بەهرەنگی و یۆهانس تۆمانیانە لە فارسی و عەرەبییەوە وەرگێڕدراون. بەرلین 1997
- بەختەوەری 2001 سلێمانی. کتێبێکە لە ڕەوشت و ڕەوشتزانی لە ئەلمانییەوە وەرگێڕدراوە.

- کاروانسەراکانی رۆژهەڵات. لە ئەلمانییەوە وەرگێڕدراوە. لە لایەن دەزگای پەخش و چاپی سەردەم لە سلێمانی لە ساڵی 2002 بڵاوکراوەتەوە.

- نۆڤلێتی شەترەنج. لە ئەلمانییەوە وەرگێڕدراوە ، لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری لە سلێمانی لە ساڵی 2002 بڵاوکراوەتەوە.

- دوا رۆژی مەحکومێک. ڤێکتۆر هۆگۆ. 2003 لە ئەلمانیەوە وەرگێڕدراوە، لە 2004 سلێمانی چاپکراوە.

هەلەبجەو ئەنفال وەک دوو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، لەو تاوانە گەورانەن کە لە مێژوودا تەنها لە مێشکە نەخۆش و بیرە تاریک و ڕەشەکان سەرهەڵدەدەن، ئەو بیرانەی کە لە هەموو بەهاو سیماییێکی مرۆڤایەتی دوورن. پێویستە وەکو پەند و عیبرەت تا هەتا هەتا لە یاد نەچن و هەمیشە بخرێنەوە بەرچاوان، ئەمە ئەرکێکی مرۆڤایەتییە، ئەو ئەرکەش بەر لە هەموو کەسێک یەقەی رۆشنبیرانی کورد دەگرێتەوە. وەک هەولێکی سادە بۆ ئەو مەبەستە ئەم کورتە چیرۆکە لە یادی چواردەمین ساڵرۆژی هەلەبجەدا بۆ لاوانی ئێستاو دوار رۆژی نەتەوەکەمان نووسراوە.